# زانستی سیاسەت و بەشە هاوپەیوەندیەکانی

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی چوارەم

**پاشماوەی زانستی سیاسەت و ئەخلاق**

بیرمەندانی سیاسی ئۆروپایی کەونارو سەدەکانی ناوەڕاست، ئەخلاق بەپێشەکی (پیش درامر) جودایی هەڵنەگری لێکۆڵینەوە سیاسییەکان دەزانن. ئەفلاتوون سیاسەتی بە بەشێک لەخوو ڕەوشتەکان دەزانی. بەپێی بۆچوونی ئەرەستۆ، کەزانستی سیاسەتی بە ئاغاو خاوەنی زانستەکان دەزانی، ئامانجی دەوڵەت بەکردەوە کردنی (ژیانی باش)ە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، لە ئۆروپادا دین و خواناسی زاڵ بوو بەسەر سیاسەتدا. پاش ئەم چاخە، هەموو بیرمەندانی مەکتەبی کەماڵ خوازی (ایدە الیستی) بیردۆزی سیاسی نوێ، وەک ئەرەستۆ، هێگڵ، دەوڵەت بە دامەزراوەیەکی ئەخلاقی دەزانن کە لە گەشەی ئەخلاقی مرۆڤان جودا نابێتەوە. لەجیهانی ئیسلامیشدا (ئەبو نسرنارابی) ئەخلاق و سیاسەتی یەکسان و بە بەشێک لەکاری فەلسەفی دەزانی. زۆربەی فەیلەسوفەکانی جیهانی ئیسلامیش ئەخلاق و سیاسەت لەیەک جودا نابینن. فۆکس (fox) گوتویە ئەوەی کە لەلایەن ئەخلاقەوە نادروستە، ناتوانێ لەڕووی سیاسیەوە دروست بێت. لە هندوستانیش (مهاتما گاندی) جەختی لەسەر ئەخلاقیەتی یەکسان و هۆکارو ئامانجەکان دەکردەوە: (تۆ هەرچی بێت دەرختیش هەر ئەوە دەبێت) (ئیسلینگر (Esslinger)یش لەو باوەڕەدایە کە خێر و چاکە هاندەر یان نزیک بوونەوە لەمەبەست، کارێکە ئەگەر خۆی لەخۆیدا ئەخلاقی نەبێت، کارێکێ ئەخلاقی نیە. ئامانجەکان هەرچی بێت، نابێ بنەماو دەستووری ئەخلاق پێشێل بکات.

هەرچەند دەبێ شارستانیەتی بەشەر بپارێزدرێ، میانەڕەوی و چاودێری کردنی ماف ڤو حورمەتی خەڵکی پێویستە. هەندێ لەبیرمەندو توێژەرەوەکان بایەخ نادەنە هاتنە ناوەوەی ئەخلاق و فەلسەفە بۆ سیاسەت. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دەدرێتە پاڵ (میکافیلی) وە کە باوەی وابوو کە خومرەی (هەویر ترش) چالاکی سیاسی بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتە. ئەو دەیگوت کە ڕۆڵی زۆرو زوڵم، گوشارو فریودان لە پرسە سیاسیەکاندا ژیاریەو پێویستەو پێی وابوو کەلە پرسە دەوڵەتیەکاندا نابێ تێبینیە ئەخلاقیەکان ڕەچاو بکرێت. گەورەیی و زانایی میران و سیاسەتمەداران، سەرەرای بەکارهێنانی ئامرازو ئامێرەکان سوود و ئاسودەییەکەی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە. هەموو دەزانن کە مەحت و ستایشی میریان دەکر کەچۆن بە دڵ پاکی و شەرافەت دەژێ، بەڵام ئەزموون بەسەرهاتەکانی ڕۆژگاری ئێمە پیشان دەدات کە ئەو میرانە کارگەلێکی پڕ لە فروو فێڵ و چەواشەکاریان کردوە فری بەلای دڵ پاکی و سەرافەتەوە نەبووە و بەژیری و هۆشیاری خۆیان خەڵکیان خاپاندوە و لەئاکامدا زاڵ بوونەتە سەر ئەو کەسانەی کە (دەستوری ئەخلاقی) یان کردوەتە بناغەو بنەماکانی کارەکانیان. کەواتە پێویست نیە میر هەموو خەسڵەتە پەسەند کراوەکانی کۆمەڵگەیان هەبێت. بەبێ باکی دەتوانم بڵێم هەبوون و ڕەچاو کردنی ئەم خەسڵەتە ئەخلاقیە باشانە جێی مەترسیە وەلێ خۆ نواندن بەهەبوونی ئەو ئەخلاقانە بە قازانجە. بەباوەی هەندێ لەبیرمەندان، دەوڵەت لەسەر پایەو بنچینەی زۆرداری هاتووەتە کایەوەو دەوڵەت

یان حکومەت ئەوە بەسەودو قازانجی چینێ یان گروپێ لەخەڵک بەکار دێنێ. فاینەر گوتوویەتی کە : هیچ دەوڵەتێ تەنانەت ئەگەر قەشەکانیش فەرمارەوایان کردبێ بەبێ خوێنڕشتن، بەبێ ئەنجامدانی هەزاران کاری توندوتیژی جەستەیی و بەبێ نارازی بوونی ڕۆحی و دەرونی ناتووەتە کایەوە هیچ یەکی لەوانەش بەبێ ئەم کارانە لەناو نەچووە. دەتوانرێ ڕۆڵی زۆر، هێزو گوشار لەسیاسەتدا قبوڵ بکرێت، بەڵام کێشەی ئامانجە سیاسیەکان هێشتا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، شێوە گرتنی ئامانجە بڵندو ئارمانجیەکانی (کمال مطلوبها) سیاسی بۆ شێوازی کاری سیاسەت پێویستە. بۆیە لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسەت چەمکی سەلسەفەی سیاسیش لەخۆ دەگرێتەوە. لە لایەکیترەوە، هونەری سیاسەت، بەهادارترینەکان لەنێوان سیاسەتە گونجاوەکاندا هەڵدەبژێرێ (لیپسۆن) گوتویە (هەڵبژاردن، بنەمای سیاسەتە، ئەمەش بەمانای ئەفزەلیەت و بەر بژاری ئازادانەی دەستەیەک لە بەهاکانە لەسەر دەستەیەکیتر) لەحکومەتی دیموکراسیدا، بەکار بردنی هێزو دەسەڵات دەبێ بەپێی بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵگە ڕوون بکرێتەوە و شرۆڤە بکرێت. ڕای گشتی یان دەبێ ڕێزی لێ بگیردرێ یان بەژیری و هۆشمەندی کۆنترۆڵ بکرێت. لەبەر ئەمە ناتوانرێ بەهاکان لەسیاسەت لابدرێ دەگەڵ کاری سیاسیدا بەهاکان ڕوو بەڕووی یەکتری دەبنەوە، پەیوەندیان تاقی دەکرێتەوە، متمانەیان هەڵدە سەنگێندرێ و بەراورد دەکرێ. بەگوتەی (کاتلین)، ئەخلاق ڕێی خوازراو بەسیاسەتمەداران پیشان دەدات و زانستی سیاسەتیش فێر دەبێ

لەنێوان چەند ڕێگادا کامیان باشە. بەبێ ئەخلاق سیاسەت بیمارە. توێژەوەرانێ وەک (ئیڤۆر براون) تا ئەو ڕادەیە چونەتە پێشەوە کە لەو بڕوایەدان جیوازای سیاسەت و ئەخلاق زیاتر چەندێتیە نەک چۆنیەتی: (بیردۆزی ئەخلاقی بەبێ بیردۆزی سیاسی ناتەواوە، چونکە مرۆڤ ئافراندی کۆمەڵایەتیەو بەتەنیا ناتوانێ بژی، بیردۆزی سیاسی بەبێ بیردۆزی ئەخلاقی بێ پایەیە، چونکە لێکۆڵینەوەو دەر ئەنجامەکانی لەنبەرەتدا بەندە بە بەها ئەخلاقیەکانی ئێمە، بەئاوازەو ئەندێشەی ئێمە لەدروست و نادروستی) بیردۆزی واقع خواز لە ڕاڤەکردنی ئەمانجە سیاسیەکاندا دەبێ ڕای گشتی و هێزە سیاسیەکان لەبەر چاو بگرێ.

**E_ زانستی سیاسەتەو دەروونناسی کۆمەڵایەتی**

لەنێو پەیوەندی نێوان بەشەکاندا، ئەوەی بۆ زانستی سیاسەت گرنگی هەیە، پەیوەندی زانستی سیاسەت لەگەڵ دەروونناسیە، زانستی سیاسەت، کە مامەڵەی لەگەڵ پەیوەندی مرۆڤاندا هەیە، ناتوانێ کاریگەریەکانی دەروون ناسین ڕەچاو نەکات. لەدەهەی ١٩١٠، (والترلیپمن ) دەر بڕی کە ( گەورەترین هەڵەی بیرکردنەوەی سیاسی ئێمە ئەمەیە کە بەبێ ئاماژە کردن بەمرۆڤ بمانەوێ سەبارەت بەزانستی سیاسەت بدوێین) پێش لە ڕوونکردنەوەی تیۆری بابەت، دەبێ لە دەروونناسی مرۆڤ تێبگەین دەروونناسی لێکۆڵینەوەی دەربارەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەو، کارەکانی شرۆڤە دەکات. دەروونناسی بەتوێژینەوەی زەین، هۆش و هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە چ بەشێوەی تاکی چ گروپی خەریکە.

هاندەرەکانی کاری ئەو ڕوون دەکاتەوە و هەوڵدەدات شێوەی هەڵسوکەوتی بەشەر دیاری بکات و بزانێ تا چ ڕادەیەک عەقڵانی یان غەریزەیی یان بەپێی مرۆڤە لە پەیوەندیە دێرینەکانە. دەروونناسی کۆمەڵایەتی، زانستی هەڵسووکەوتی مرۆڤە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەگەرچی ئەم زانستە لە بەراوردکردنی لەگەڵ زانستەکانیتردا. نوێیە، وەلێ لەسەر گەشەو گۆڕانکاری زانستی کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆر هەبووە. ئێستاکە هەموو لەسەر ئەوە کۆکن لە لێکۆڵینەوەی زانستی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ پایەو بنەمای دەروون ناسینی هەبێت. واقعیەکانی دەروون ناسین (ڕوانشناخی) پەیوەندە بەسروشتی بەشەرەوە نابێ هەر وەک بیرمەندە سیاسیە دێرینەکان قبوول بکرێت. بەڵکو دەبێ لەڕێگای بینینی ڕاستەوخۆو بەشێوەی ئەزموون و تاقی کردنەوە دیسان ڕاستیەکان بەدەست بێنینەوە. ئەم کارە، لێکۆڵینەوەی ئێمە ڕاست و دروستی خوازانەتر دەکات و ثر بەرتر دەبێ. توێژەرەوانی کۆمەڵایەتی بەشێوەی گشتی لەسەر ئەم جۆرە مامەڵەیە کۆکن، تا ئەندازەیەکی زۆر کلیل دەروناسی بۆ هەڵهێنانی مەتەڵ (معما) و نێنیەکانی چالاکی و هەڵسووکەوتی بەشەر بەکاردێنن. لەو کاتەوە کە (واڵتەر بگهۆت) پەرتووکی ( سروشتی مرۆڤ و سیاسەت)ی (١٨٧٣) نووسی، هەندێ لە تیۆریستینە سیاسیەکان گۆڕان بە دەروونناسی کۆمەڵایەتی. (گراهام والاس) بەنووسینی سروشتی بەشەر لەسیاسەت (چاپی

سێهەم) (١٩٢١) و (ڕیڤرس) (w.h.riveers) بەنووسینی دەروونناسی و سیاسەت (١٩٢٣) لەسەر گەشەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی پشکی گەورەیان هەبوو. ئەم نووسراوانە دەرگایان بۆ هاوکاری بە بەر لەنێوان دەروننناسی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسان و سیاسەتناساندا لەسەر پشت کرد. ( واڵاس) پەیوەندی نزیک لەنێوان دوو بەشی زانستی دەروونناسی و زانستی سیاسەتدا بەپێویست زانی. (جیمز برێس)یش گوتویەتی کە زانستی سیاسەت (ڕیشەی لە دەروونناسیەوە، هەیە) بەڵام ئەو، بەهۆی نەبوونی ئامرازە پێویستیەکان، کەمتر ئاوڕ لەو دەداتەوە. لەنێوان توێژەرە سیاسیە دواینەکان. ( هارۆلد لاسکی)، و (جۆرج کاتلین) ڕێبازی یەکپارچە کردنیان بەپێویست دەزانی. بەر فراوان بوونی دیموکراسی و گرنگی زۆری ڕای گشتی و ڕاگەیاندن، حەزی پشت بەستن لەسەر دەرونناسی هەڵخراندو بوون بەهاندەر. سیاسەت ناسان بە هاوکاری دەروونناسانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسان، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەمەیدانە بەربڵاوەکانی سیاسیدا. بێ گومان دەورنناسی کۆمەڵایەتی، دەرئەنجامە بەهادارەکانی سیاسیدا. زانستی سیاسەت و پڕ تفاقی دەکات، و سیاسەتناسانیش هاندەدات کە لە هەڵسووکەوتی سیاسی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بکەن. ئەو لە ویژدانی نا ئاگاو هۆکارە نامەنتقیەکانی لەقاڵب دانی هەڵسووکەوتی بەشەر ئاگادار دەکاتەوە، و بەتەواوی دەری خستووە کە مرۆڤ سەرەرای ئەوە خاوەنی عەقڵ و مەنتیقە، لە زۆر جاردا، بەبێ هەڵ:سەنگاندن و تێفکرینی زیاد هەڵسووکەوت دەکات.

# تیرۆرکردنی ژنان هەر بەردەوامە

مێژوو چەندین نموونەی ستەمکاری ئاینی و نەتەوەی و سیاسی و مرۆڤایەتی بەخۆوە بینیوە کەبوونەتە مایەی جەنگ و کارەسات بەسەر مرۆڤایەتیدا.

گومانی تێدانیە ئەو هەموو دارمان و نەبونی یاسایەو پێشل کردنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و بەتایبەتی ژنان دیاردەی حوکمی تاکرەوی لەمەو بەرە کە کارەسات و ماڵوێرانیان بۆ سەرجەم خەڵکی عێراق و کوردستانیش بەتایبەتی هێناوە. سەرباری ئەو هەموو ناهەمواری و نەبوونی چارەسەری سەرەکی نەخۆشی گەندەڵی و دارایی و ئیداری یەی کە سەرانسەری دامەزراوە و ئامرازەکانی دەوڵەتی تەنیوە و گرفتی بێکاری بەئەندازەیەکی گەورە بڵاوبۆتەوە لەتەک نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان کە ئەم لێسەیە هەمووانی نیگەران کردووە هەروەها گرفتی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان وەک ئاوو کارەباو چاودێری تەندروستی و شوێنی نیشتەجێ بوون و چەندین شتی تر کە هەر هاوڵاتیەک چاوەڕێی چارەسەر کردنی ئەو گرفتە جەوهەریانەن.

یەکێکی تر لەهەرە گرفتە سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، گرفت تیرۆر و تۆقاندن و لەناو بردنی ژنانە، کەڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکات. گەر هەر



لاپەرەیەکی ڕۆژنامەی ڕۆژان یان هەفتانە هەڵدەینەوە دەبینین چەندین ژن بەشێوازی جیا جیا کۆتایی بەژیانیان هاتووە، کە هەریەکەیان لەژێر ناوێکی بەدناویدا لەبەین دەبرێن. ڕاستە چەند ڕێکخراو سەنتەرو چەند شتێکی تر کە تایبەت بەژنان هەن بەڵام هیچ کام لەمانە نەیان

توانیوە کە کێشەی کوشتنی ژنان بەرێژەیەکی کەم، کەم بکەنەوە. هەر لەناکاودا دەبینین کچێک یان ژنێک لەژێر ناوی خاوەن شەرەف بن بەبێ هیچ بیرکردنەوەیک دەستی چەپەڵیان دەچێتە خوێنی ژن و کچی ئەم وڵاتە، هیچ کات لەگەڵ ئەوەدانین کچە کوردێک لەسەر کارێکی ئاوا هەستی بریندار بکرێت چ جای

ئەوەی لێی بدرێت یان بکوژرێت و بخنکێندرێت. یان وەک حوکمی جاهیلی پێش ئیسلامی بەسەردا بچەسپێنرێت و زیندە بەچاڵ بکرێت.

لەسەر ئەنجام دانی کوشتنی ژنان و کچان چەندەها سیمینارو کۆرو دانیشتنی لەسەر سازدراوە. ئەمرۆ لەوڵاتی ئێمەدا چەندەها ئافرەت دەکەونە بەر لێزمەی فیشەک و ژیانیان لێ زەوت دەکرێ و لەلایەن پیاوانەوە ........... دەرهەق ئەنجام دەدرێت و ئازاری جەستەی و دەرونی دەچێژن. زۆرێک لەئێمە بینیمان کە کچە ئێزیدی (دوعا) بەچ شێوازێکی نامرۆڤانە کوژرا، هەر لەدوای کوشتنی خاتوو (دوعا) چەندین کچی تری ئەم وڵاتە بەدەستەی ئەو چون یەک لەوانە ( بەناز و شەوبۆ)بوو. ئاخۆ چەندی تر هەن وەک ئەوانن و بەبێ ئاگای خەڵک لە گۆڕ دەنرێن.

داوا لە هەموو ژنانی کوردستان و جیهان دەکەین یەکگرن، با هەریەکەمان لەئاستی خۆیەوە دروشمی نەفرەت لەکوشتنی ژنان و کچان هەڵگرین چی تر ئەو هەموو نازدارە لەژیان بێ بەش نەبن. ئەوەندە ژیانیان بۆ نەکەن بەدۆزەخ تا پەنا بەرنە بەر خۆسووتاندن و خۆ کوشتن.

شیلان عەبدوڵا

دەروون دونیا

## ناحیەی آم المعارک

شۆڤێنی یەت و ڕەگەز پەرەستی دوو زاراوەی ئەوەندە قێزەونن مەگەر ئەوانەی کە بەرنامەیان بۆ دارڕشتووە، یان مەگەر ئەوانەی کە تاڵاوەکەیان چەشتووە بزانن کە لەپشتی ئەم زاراوانەوە چ نایەکسانی و نامرۆڤایەتیەک پەنهان و حەشار دراوە، ئەوەی پێی دەڵێن بەهای ڕەوشتی جوان، ئەوەی ڕێزو حورمەتە لە هیچ تاک و کۆمەڵ و تەنانەت حزبێکی شۆڤێنیدا نابینرێ بەرامبەر هیچ کەسێ لە نەتەوەکانی دیکە. هەندێ جار حوکمی زەمەن و تاکتیکی نوێ شۆڤینیەکان ناچار دەکا بەشێوازێکی نەرمتر لەسەر خۆ تر بەشێک لەکارەکانیان ئەنجام بدەن،. دەسەڵاتی بەعس بۆ دێژەدان و جێبەجێ کردنی بەرنامەی بەعەرەبکردن و بە بەعس کردنی شێوازێکی یەکجار زیرەکانەی بەکار هێناو هێواش هێواش بەپێی تێپەربوونی کات کارەکەی مەیسەر دەبوو. بۆ نموونە بەناوی پەروەردەی نوێ وە هەرچی مەنهەجی فێرگەکان بوو لەسەرەتایی وە تاکو کۆتایی زانکۆ وا دارێژرابو هەرجارێ ( لطیف نەسیف جاسم)ی وەزیری ڕاگەیاندنی بەعسی پێش (صماف) دەی گوت: (ئێمە کەس بەزۆر ناکەین بە بەعسی، بەڵام فێرخوازێک کە دەچێتە سەرەتایی و دواتر زانکۆ تەواو دەکات خۆی لەخۆیدا بووە بە بەعسی با ئینتمای حزبیشی نەبێ).. ئەم جۆرە پەروەردەیە بەشێوەیەکی وا لەناخ و دەرونی تاکەکانی دەوڵەتی عێراقدا جێگای خۆی کردۆتەوەو ڕەگی داکوتاوە لای هەندێ کەس بووە ڕوسمێکی ژیان و ناتوانێ لێی دەربازببێ.. بەعس لە تەعریبیشدا هەر بەو شێوەیە کاری دەکردو بێ ئەوەی دڵی بەرامبەرەکەی زویربکات دەیکردە عەرەب، ناوی زۆربەی شارو گوندو ناوچەکانی دەگۆڕێیە ناوێکی عەرەبی زۆر نزیک لەناوە کوردیەکەوەو لە تۆمارگەو شوێنە ڕەسمییەکان بەوە کاریان دەکردو ئیتر خەڵکی پێی ڕادەها. وەکو (ناوچەی ٧ەوت تەغار)ی نا نابوو (افتجار) هەروەها (دوبز)ی کردبووە (دبس)، (عەرەفە)ی کردبووە (عەرەبە) بەشاخی (ماوات)ی دگوت: (جبل موت). بەڵام هەندێ ناوی دیکەی دادەنا بۆ چەند شوێنێک هەتا خەڵکەکە پێیان خۆشبێ یان شانازی پێوەبکەن. وەکو ناحیەی قەرەهەنجیر کە سەیرانگایەکی نزیک کەرکوک، ناوی نابوو (ناحیە ربیع). هەروەها بناحیەی قەرە حەسەنی ناو نابوو (ام المعارک). ئەوە بەرنامەی بەعس بوو، بەڵام ئەوەی جێگای داخ نیگەرانییە پەروەردەکەی بەعس ئەوەندە کاریگەری خۆی داناوە لەسەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تەنانەت بەرپرسەکانیشی گرتۆتەوە، بۆیە لەدوای چوارساڵ زیاتر لە لەڕووخانی بەعس هێشتا لە فەرمانگەکانی حکومەتی عێراقی و بەتایبەت لەشاری کەرکوک هەر بەو ناوانەوە مامەڵەی خەڵکی پێ جێبەجێ دەکەن،